# نامەی خاتوو هەننا



عەبدوڵڵا سەمەدی
s.abdullahsamadi@gmail.com

ئەم نامەیە دەقی وەڵامی خاتوو Hanna Schonhood ـە بۆدۆستی خۆی Mrs. Sletten که هەشتاو شەش ساڵ لەمەوبەر، لە مەهابادڕا بۆ ئەمریکای ناردووە. خاتوو «هەننا» لە وڵاتی خۆی مامۆستای خوێندنگە بوو. پاشان تێکەڵ بەو گروپانە بوو کە بۆ خزمەتی مرۆڤایەتی بە دنیادا بڵاو ببوونەوە. ئەو بەشەی خاتوو هەننا کاری تێدا دەکرد، ناوی (ئەنجومەنی میسیۆنێریی کوردستان) بوو، کە ئەویش بەشێک بوو لە ڕێکخراوەیەکی گەورەتر بە ناوی L.O.M.S کە کورتکراوەی چوار وشە بوو بە مانای «تێکەڵ کردنی هەوڵەکانی ئینجیلی لەگەڵ خزمەتەکانی پزیشکی». سەرۆکی بەشی کوردستانی ئەو ڕێکخراوەیە، L.O.FOSSUM بوو کە لە 1920 کۆچی دوایی کرد. خاتوو هەننا یەکێک لە هاوکارانی فاسۆم بوو و ئەم نامەیەی ساڵێک دوای مەرگی فاسۆم نووسیوە.[2] گرینگیی نامەکە لەوەدایە کە لە دیدی ئافرەتێکی ئەمریکییەوە سەیری مەهابادی نزیک سەدەیەک لەمەوبەر دەکا، هەروەها وێنەیەکیش لە کۆمەڵگا و پێوەندییەکانی نیشان دەدا.

هەننا شون هوود، ساوجبولاغ ـ ئێران، 20ی جولای 1921

خۆشەویستم، سلێتێن

سپاسی ئەو نامەیەت دەکەم کە لە 27ی ژانویەدا نووسیبووت. کەوایە دەبینی ماوەیەکی زۆری کێشاوە تا گەیوەتە دەستم.[3] وێنەی کلیساکەتانم لە دیواری ژووری خەوتنەکەم داوە. هەرچەند کە چاوم پێی دەکەوێ برینم دەکولێتەوە و زێد و وڵات و بیرەوەرییەکانم دێتەوە یاد، بەڵام سەرەڕای ئەوەش پێمخۆشە هەر لەبەر چاوم بێ.

وێنەیەکی تری هەمان کلیساشت پێشتر بۆ ناردبووم کە لە تەورێز بە دەستم گەیشت. ڕەنگە بەر لە کریسمێس بۆت ڕەوانە کردبم.

دوێنێ تاسەی ئازیزانم دەکرد و لە خەیاڵمدا لەگەڵیان دەدوام. بەڵام ئێستا لەم بەرەبەیانەدا بیر لەوە دەکەمەوە کە بەڕاستی داهێنانی خەت و نووسین نێعمەتێکی گەورەیە بۆ مرۆڤ. ئەگەر نامە نەبوایە، دەردی کوشەندەی دووریی خۆشەویستان چلۆن چارە دەکرا. هەرچۆنێک بێ، تەنیا خوا ئاگاداری دژوارییەکانە.

جاری وایە بەخۆ دەڵێم ئەگەر بێتو زەمانە وەفای بکردایە و ئێمەی خستباوە لای یەکتر، بێشک نموونەیەک دەبوو لە خۆشی و ڕابواردنی بەهەشت.

ئێستا لێرە هەوا هەر دێتو گەرمتر دەبێ. مێش و مێشوولە و کێچیش وڵاتیان پڕ کردووە. پەنجەرە و لاواچمان بە تۆڕ و کوتاڵی تەنک گرتووە، بەڵام دەرگا و شوێنی هاتوچوو چارەیان ناکرێ و سەد سەد مێشیان پێدا دێتە ژوور.

لێرە جگە لە چێشتخانە، هۆدەکانمان هەموو سواغن. دیوی کارکردن و تاکە دیوێکیش لە نهۆمی سەروو خشتی سوورن. قامیش و جەگەن پۆشەنی چاکن بۆ خانوو، بە تایبەت کە تەڕ بکرێن هەم خاوێنن و هەم فێنک.

من لە سەفەری خۆمدا بۆ ساوجبولاغ، هەر گەیشتمە تەورێز فێر بوونی زمانی کوردیم دەستپێکرد. مامۆستایەکی زمانی کوردیم دۆزییەوە کە بە ڕەگەز خەڵکی سووریا بوو، بەڵام لە ساوجبولاغ گەورە ببوو. کەچی ئێستا لێرە بۆ دۆزینەوەی مامۆستایەک نائومێد بووم. هەڵبەت یەکێک هەیە کە پێشتریش کاری لەگەڵ فاسۆم کردووە، لە خوێندنەوەی ئینجیلیش زۆر شارەزایە، یەک دوو جاریشی بە گوێ هەڵێناوم کە دەرسی زمانی کوردیی لە لا بخوێنم. دوو جاریش تا ئێستا هاتووە، بەڵام هەر دوو جار گلەیی لە دەرکەوانەکە هەبوو کە گۆیا پەڵپی پێدەگرێ و بە هاسانی ئیزنی هاتنە ژوورەوەی نادا؛ تاکوو لە دواییدا بیستمان کە پیاوە ئایینییەکانی شار پێیان ناخۆشە ئەو کەسە ئاموشۆمان بکا و تۆمارێکیشیان نووسیوە و ئیمزایان کردووە. ئاخۆ چ ڕاستییەک لە پشت ئەم کارەیە؟! هەرچەند دژواریشە، بەڵام دوور نییە ئۆگری ئینجیل بووبێ.

دەنگۆیەکیشمان بیستووە کە گۆیا ماوەیەک لەمەوبەر پیاوە ئایینییەکان شار داوایان لە دەوڵەت کردووە وەدەرمان بنێن، ئەگینا دەکوژرێین. فەرماندەی هێزەکانی دەوڵەتیش لە وەڵامدا پێی گوتوون ئەگەر ئەوانە بکوژرێن، ئەویش شارەکە دەسووتێنێ. لەم قسە و باسانە زۆر بڵاو دەبنەوە و کەسیش بەرپرسی ڕاست و درۆیان نییە.

دوێنێ لە تەورێز ڕا دەستەیەکی نیزامی گەیشتە ناو شار. جموجۆڵی ئەوە هەیە کە خۆ بۆ شەڕی سەرکردەی گەورەی کورد، سمکۆ ئامادە بکەن[4]. شەستیرێکی گەورەیان پێ بوو کە لە یەستریان نابوو، تەنانەت گرووپی موزیکیشیان لەگەڵ بوو.

جێی سەرسوڕمان نییە کە لە نەکاو ئاڵوگۆڕێکی سیاسی بقەومێ. من و «ئاڵما»[5] دوێشەو بە دەنگی نەعرەتەی پیاوێک وەخەبەر هاتین کە لە لایەن ماڵی فەرمانداری جیرانمانەوە دەهات. ویزەی قامچییەکەمان بە ئاشکرا گوێ لێدەبوو. جاری دیش گوێم لەو دەنگە ناخۆشانە بووە. تەنانەت جارێک کە لە دیوی خۆم دانشتبووم ئەو دەنگە هیند ترسێنەر و بەسام بوو، کە بۆ ماوەیەک نەخۆش کەوتم. لام وایە ئەم کارانە بەشێک لە سزادانی زاڵمانەی ئەوانە لەسەر ئەم خەڵکە. پێرێ بەیانی، بەرچاییمان نەخواردبوو، خەبەریان هێنا دوو کچی بێکەس‌وکار لە پشت دەرگای دەرەوە ڕاوەستاون. زوو گوتم بیانهێننە ژوور. یەکیان سێزدە ساڵە و ئەوی دی هەشت نۆ ساڵان دەبوو. تەنانەت گەورەکانیش لێرە کەم وا هەیە ژمارەی ساڵەکانی تەمەنی خۆیان بزانن. هەندێکم چیتی موسڵی لای خۆم ڕاگرتبوو، هێنام و دەستم کرد بە دروونی جلوبەرگی ژێروو بۆیان. باش بوو «خاتوو باچیمۆنت» یارمەتی دام و توانیم کچە گەورەکە پۆشتە بکەم. قژە سەریان پڕی جڕ و جانەوەر بوو. چونکە قامکە گەورەی دەستم بریندار بوو، دام دەرکەوانەکە سەریان بۆ کورت بکاتەوە. جلوبەرگە دژوێنەکانیان داکەند، حەمامیان کرد، لیباسی نوێیان پۆشی. جلوبەرگە کەتانییەکانی خۆم دابوو بە بچکۆلەکەیان، بەڵام وەبەر پێی دەکەوت و بۆی درێژ بوو. ناچار چوومە بازاڕ و کوتاڵی لەبارم بۆ کڕی و جلکم بۆ دروو. بەڵام جوان گوێ بگرە؛ دوێنێ ژنێکمان لێ پەیدا بوو کە دەیگوت کچە چکۆلەکە منداڵی خۆیەتی و هاتووە بیباتەوە! ئاخری جلکە دژوێنەکەیمان کردەوە بەر و دامانە دەست ژنە. کچەش تەواو نائۆمێد و بێدەرەتان دەینواند. کارەکەرمان دەڵێ منداڵەکە بەڕاستی سەغیرە، بەڵام ئەو ژنە دەیبا کاری پێبکا و بە قەرەواش ڕایبگرێ. لە تەورێز پێیان گوتین کە لە ناو کوردان ناسینەوە و ڕاگرتنی منداڵی هەتیو بۆ ئێوە کارێکی دژوارە، چونکە خەڵکەکە خۆیان دەیانقۆزنەوە و کاریان پێدەکەن و بەرپرسێتییەکەشی وەئەستۆ دەگرن.

وا وێدەچێ لە کورد و عەجەم، ژمارەی ئەو منداڵە هەتیوانەی کەسیان نییە و لە کۆڵانەکانی ئێرە دەخولێنەوە زۆر بێ، بەڵام گرفت ئەوەیە کە ئێمە نازانین تا چ ڕادەیەک مافی ئەوەمان هەیە لای خۆمان ڕایانبگرین و ئاگادارییان لێبکەین! کاربەدەستێکی کاروباری دەرەوە دەڵێ بەر لەوەی هیچ کارێک لێرە دەست پێبکەن، ئەشێ ئیزنی ئەو کارە لە تاران بخوازن. ئێستاش ئەوە چاوەڕوانی وەڵامی ئەو نیزنەین. خوشکە «گودهارت»[6] دەڵێ: پێشتر کە ئێمە لێرە بووین، بۆ ئەم کارە پێویستییەک بە ئیزنی تاران نەبوو، و کاروبارەکانیش زۆر هاسان دەربار دەبوون. ڕای ئەو وایە کە بە هەمان شێوازی پێشوو کاربکەین و ئەگەر کەسێکی شیاوی یارمەتی، خۆی بێت و داوای کۆمەگ بکات، ئێمە دەتوانین ئاگاداری لێبکەین.

هەر ئێستا خوشکە فاسۆم هەرای لێکردم بچم چاوم بەو کچۆڵە عەجەمە بکەوێ کە بەشێک لە

لەشی سووتاوە. بڕیارم دا لای خۆم گلی بدەمەوە و ئاگاداری لێبکەم. تا بزانین دوایە چی دەقەومێ. ئێستا ئەوە خەریکم ئەو جلکانەی بۆ کچۆڵەی پێشووم دەست پێکردبوو، بۆ ئەمەیانی تەواو دەکەم. جارێکی دیش ئەوە هەرام لێدەکەن بڕۆمە خوارەوە و سەری ئەو کچۆڵەیە بتاشم؛ بەڵام ئەو لەبەر دەستم ڕای کرد. لەوانەیە تازە چاوم پێی نەکەوێتەوە. کاتێک بیر لە ئەرکی ئاگاداری کردنی منداڵ دەکەمەوە، نیگەران دەبم و دڵەخورپە دەمگرێ، بەڵام چاک وایە کارەکانی خۆم بە خودا بسپێرم و لێی بخوازم تا بمخاتە سەر ئەو ڕێبازە کە شیاوی منە و لێم دەوەشێتەوە.

کاتێک لەگەڵ ژنانی ئێرە دادەنیشینە قسان، دڵساردی و نائومێدییەکی سەیر بەسەرمان دادێ. نەک لەبەر ئەوەی ناتوانین شتی گرینگ و بنەڕەتیان لەگەڵ باس بکەین (هەر لە تواناشمان دا نییە)، بەڵکوو بۆ ئەوەی کە ئاواتەخوازین بە سەرەتاییترین نیازەکانی ژیان ئاشنا بن. پیاوەکان هەندێ باشترن و کەم تا کورتێک دەتوانن بخوێننەوە، قسە و پرسیارەکانی ئەوانیش تەنیا لە چوارچێوەی باسی ئایینی دایە. «ڕێزدار باچیمۆنت» ماوەیەک لەمەوبەر باسێکی بە پێزی لەگەڵ هەندێکیان کرد.

گرینگترین پرسیارەکان بۆ ژنان ئەوەیە کە بزانن شووت کردووە یان نا؟ ئەگەر «ئا»، چەند منداڵت هەیە؛ و ئەگەر «نا»، هۆی شوو نەکردنت چییە؟ و... لەم بابەتە. ئەوان زۆر ئاشقە کووتاڵن، باری زێڕ و زەمبەریان لە خۆ ناوە، بە هەشت و نۆ بازنەیان لە قۆڵ دایە.

ڕێز و خۆشەویستیم بە هەموو لایەک بگەیەنە

لە دۆعا و پاڕانەوەتدا فەرامۆشم مەکە

Hanna

## سەرچاوە

1- www.lutheran-mideast.org/loms_history.htm

2- www.lutheran-mideast.org/history_fossum.htm

## پەراوێزەکان

1. بڕوانە: وتاری «**ئێڵ. ئۆ. فاسۆم**، **دۆستی کورد و نموونەی مرۆڤایەتی**»، گۆڤاری مەهاباد، ژمارە 72، لاپەڕە 9.

2. دەقی ئینگلیسیی نامەکە لە ئارشیوی گۆڤاری مەهاباد پارێزراوە.

3. نامەکەی سلێتێن لە (27ی ژانویەی 1921 بەرامبەری ڕۆژی پێنجشەممۆ، 7ی ڕێبەندانی 1299ی هەتاوی) و وەڵامەکەی هەننا لە (20ی جولای 1921 بەرامبەری ڕۆژی چوارشەممۆ، 28ی پووشپەڕی 1300ی هەتاوی)نووسراوە. نامەی سلێتێن بە 5 مانگ و 21 ڕۆژ لە ئەمریکا ڕا گەیشتووەتە مەهاباد.

4. دوو مانگ و نیو دوای نووسینی نامەکەی خاتوو هەننا، واتە لە (ڕۆژی چوارشەممۆ 12ی ڕەزبەری 1300 بەرامبەری 5 Oct 1921) سمایلئاغای سمکۆ هێرشی هێنایە سەر مەهاباد و ڕۆژی دواتر، واتە 13ی ڕەزبەر هێزەکانی دەوڵەت تێکشکان و پتر لە سێسەد کەس ژاندارم لە تەپپەی تابانی مەحموودکان کوژران.

–[کودتای لاهوتی، کاوه بیات، نشر و پژوهش شیرازه، تهران، 1376، ص36]

5. Alma Fossum پەرستاری نەخۆشخانە و خوشکی «ئێلّ. ئۆ.فاسۆم».

6. «ئێگوستا گودهارت» کیژێکی ڕووسی بوو کە لە 6ی سپتەمبەری 1911 بەرامبەری (14ی خەرمانانی 1290ی هەتاوی) لەگەڵ گرووپی فاسۆم پێی نایە مەهاباد. ئەم گروپە یەکەم نەخۆشخانەی شاری مەهابادیان ساز کرد و لە باری سلامەتییەوە خزمەتی گەورەیان بە ناوچەکە کرد.

ئەم وتارە لە ژمارە 79ی گۆڤاری مەهاباددا بلاوکراوەتەوە. بڕوانە:
مەهاباد، گۆڤاری کۆمەڵایەتی – فەرهەنگی – ئەدەبی، ساڵی حەوتەم، ژمارە 79، ڕەزبەری 1386، لل13–12
MAHABAD, Social, Cultural & LiteraryMagazine, No.79,Oct 2007, pp12-13

**لە بلاوکردنەوەی دووبارەدا، هەندێ دەسکاری کراوە و پەراوێزی لێزیاد کراوە**